National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی بیست و دو: پەیوەندی نێوان مامۆستایان و ئیدارەی قوتابخانە لەگەڵ بەخێوکەری فێرخوازان

تەموزی 2019

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/8/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 4 |
| کارنامەی یەکە | 5 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 6 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 8 |
| راپرسی | 8 |
| خێزانی فێرخوازان: کۆبونەوەکان دایکان و باوکان کەمن | 10 |
| "کەمتەرخەمین لەسەردانکردنی ناوەندەکان" | 10 |
| مامۆستایان خێزانی فێرخوازان ئاگادار ناکەنەوە لەکەموکورتی منداڵەکانیان | 11 |
| پەیوەندی نێوان خێزانی فێرخوازان و مامۆستایان | 11 |
| توێژەرانی دەرونی خێزانەکان بە کەمتەرخەم دەزانن | 12 |
| "لە 40%ی خێزانەکان پەیوەندیان بە ناوەندەکانی خوێندنەوە هەیە" | 13 |
| بەڕێوبەری ناوەندەکان چی دەڵێن لە بارەی کۆبونەوەی بەخێوکەرانەوە؟ | 14 |
| ئیدارەی ناوەندەکان پەیوەندی دەکەن بە خێزانەکانەوە؟ | 15 |
| پەیوەندی خێزانەکان بە ناوەندەکانەوە وەک پێویست نیە | 16 |
| پەیوەندی خێزانەکان و مامۆستایان لاوازە | 17 |
| مامۆستایان رۆڵیان لە هۆشیارکردنەوە خێزانەکان نیە | 18 |

| | |
|---|---|
| بەرپرسانی پەروەردە رۆڵیان چیبوە لە هاندانی بەخێوکەران بۆ سەردانکردنی ناوەندەکان | 18 |
| بەشی سێیەم: راسپاردەکان | |
| راسپاردەکان | 20 |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، تائێستا یەکەکە (44) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

# 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## 1. دەستپێک

پەیوەندی نێوان خێزانەکان و مامۆستایان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی باشی ئاستی فێرخواز بەو پێیەی دایکان و باوکان ئاگاداری ئاستی مناڵەکانیان دەبن و ئەو ئاگاداربونەش هۆکارە بۆ باشکردنی ئاستی زانستی و پەروەردەیی فێرخوازەکە .

سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن بۆ پرسینەوەیان لە رەوشی منالەکانیان کە وەک پێویست نیە .

هەرچەندە کۆبونەوەی تایبەت بە خێزانەکان ئەنجام دەدرێت لە ناوەندەکان، بەڵام وەک پێویست بەشدار نابن.

لەم راپۆرتەدا باس لەو هۆکارانە دەکەین کە لە ئەنجامی سستی سەردانی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان دروست دەبێت و هەروەک را و بۆچونی مامۆستایان و خێزانەکان لەو بارەیەوە دەخەینەڕو.

## 2. راپرسی

بەپێی راپرسیەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لە نێو خێزانی فێرخوازان ئەنجامی داوە سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان خێزانەکان و لایەنی ئیداری ناوەندەکانی خوێندن، لە چۆنیەتی پرسینەوە لە رەوشی منالەکانیان لە ناوەندەکان، دەرئەنجامەکەی بەمشێوەیە:

**پرسیارەکان:**

1. سەردانی قوتابخانە دەکەی بۆ ئاگاداربون لە رەوش و ئاستی منالەکەت؟




| | |
|---|---|
| بەلێ | %36.6 |
| نەخێر | %7.7 |
| هەندێکجار | %55.7 |

2. پەیوەندیت لەگەڵ مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیەی منداڵەکەت تێیدا دەخوێنێت چۆنە؟




| | |
|---|---|
| باش | %46.1 |
| مام ناوەند | %38.4 |
| خراپ | %15.5 |

3. مامۆستایان و بەڕێوبەری قوتابخانە لە کەموکورتیەکانی منداڵەکەت ئاگادارت دەکەنەوە؟




| | |
|---|---|
| بەڵێ | %25 |
| نەخێر | %32.7 |
| هەندێکجار | %42.3 |

4. لەماوەی ساڵی خوێندندا چەند جار سەردانی قوتابخانەت کردوە بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منداڵەکەت؟



| | |
|---|---|
| یەکجار | %23 |
| دوجار | %28.8 |
| سێ جار | %15.5 |
| زیاتر | %32.7 |

### 3. خێزانی فێرخوازان: کۆبونەوەکان دایکان و باوکان کەمن

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لەنێو خێزانی فێرخوازان ئەنجامی داوە بەشێک لە خێزانەکان باس لەوە دەکەن کاتی کۆبونەوەکانی ناوەندەکان کەمە پێویستە زیاد بکرێت و بکرێت بە چەند جارێک لە ماوەی ساڵی خوێندندا.

ئارام غالب، باوکی فێرخوازێکە سەبارەت بە کاتی کۆبونەوەکان دەڵێت: "کۆبونەوەی دایکان و باوکان کەمن لەماوەی ساڵەکەدا، کۆبونەوەکان زیاتر بکرێت باشترە".

لە هەمان کاتدا، ئاسکە مەحمود، دایکی فێرخوازێکە سەبارەت بە کۆبونەوەی دایکان و باوکان لە ناوەندەکانی خوێندن وتی: "کۆبونەوەکان کەمن لە ساڵەکەدا ئەگەر تەنها جارێک ئەنجامی بدەن، بۆیە پێوستە زیاتربکرێت و گرنگی پێبدرێت، بۆئەوەی خێزانەکان بەبەردەوامی بچنە ناوەندەکان".

### 4. "کەمتەرخەمین لەسەردانکردنی ناوەندەکان"

بەشێک لە خێزانی فێرخوازان ئەوە ناشارنەوە و دان بەوە دەنێن کە کەمتەرخەمن لە سەردانکردنی ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئاگابون لە رەوشی منداڵەکانیان.

تەلیعە عەلی، لەبارەی سەردانەکانیەوە بۆ ناوەندی کچەکەی بۆ ئاگادار بون لە رەوش و ئاستی وتی: "لە ماوەی ساڵەکەدا ئەگەر دوجار سەردان بکەم، ئەمەش کەمتەرخەمی خۆمە کە هێندە بەکەمی سەردان دەکەم، ئەگەرچی لایەنی ئیداری مەکتەبەکە پێمان ئەڵێن سەردان بکەن بەبەردەوامی".

باوکی فێرخوازێک باس لەوە دەکات دابین کردنی بژێوی ژیان بۆ منداڵەکانیان ئەو دەرفەتەی لێ سەندونەتەوە کە سەردانی ناوەندی منداڵەکانیان بکەن بۆ ئاگاداربون لە رەوشیان.

سەرتیپ محەمەد سەعید، لە بارەی سەردانی بۆ ناوەندی منداڵەکەیک وتی: "لە ماوەی ساڵەکەدا چەن[ جارێک سەردان دەکەم بەهۆی نەبونی کاتی پێویست زیاتر خێزانەکەم دەڕوات، لەگەڵ ئەوەش کەمتەرخەمین وەک پێویست ناڕۆین".

هەندێک لە خێزانەکان بەپێچەوانەوەن بە بەردەوامی سەردانی ناوەندەکانی خوێندن دەکەن بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منداڵەکانیان سەرباری کۆبونەوەی دایکان و باوکان.

نەهیە حمە ساڵح، باسی لە سەردانکردنی ئەو ناوەندە کرد کە کچەکەی تێیدا دەخوێنێت و وتی: "لە ماوەی ساڵەکەدا زیاتر لە (10)جار سەردان دەکەم بەدەر لە کۆبونەوەکان، خۆم دەرۆم و کچەکەشم ئەڵێ وەرە".

## 5. مامۆستایان خێزانی فێرخوازان ئاگادار ناکەنەوە لەکەموکورتی منداڵەکانیان

خێزانی فێرخوازان هاوڕان لەبارەی ئەوەی کە مامۆستایانی ناوەندەکان وەک پێویست ئاگاداریان ناکەنەوە لە رەوشی منداڵەکانیان، ئەگەرچی زانیاری تەوایان لەلایە بە ژمارە مۆبایلیشەوە، وەک خۆیان دەڵێن مەگەر خۆیان سەردان بکەن.

نەهیە حمە ساڵح، ئاماژەی بەوەکرد: "ئیدارەی مەکتەب وەک پێویست ئاگادارمان ناکەنەوە لە رەوشی منداڵەکەمان، ئەوەی هەبێت خۆم رۆشتوم و شتەکانم زانیوە".

نەهیە باسی لەوەشکرد: منداڵێکی لە قوتابخانەی تایبەتە بە نوسراو ئاگادارمان دەکەنەوە لە رێگەی منداڵەکانمانەوە کە برۆینە ناوەندەکەیان.

بەهەمان شێوە، ئاسکە مەحمود، دایکی فێرخوازێکە لەبارەی ئاگادارکردنەوەی لەلایەن مامۆستایانەوە لە رەوشی منداڵەکەی، وتی: "مامۆستایان ئاگادارمان ناکەنەوە لە رەوشی منداڵەکانمان، بەبەردەوامی ئەو دەرفەتەمان نیە بچینە قوتابخانە و ژمارە مۆبایلیشمان هەیە لەلایان".

## 6. پەیوەندی نێوان خێزانی فێرخوازان و مامۆستایان

خێزانەکان بۆچونیان لەبارەی  پەیوەندییان لەگەڵ مامۆستایان و ئیدارەی قوتابخانەکان جیاوازە و هەندێکیان پەیوەندییان باشە و بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە دەڵێن پەیوەندییان باش نیە.

ئارام غالب، سەبارەت بە پەیوەندیان لەگەڵ مامۆستایان باس لەوە دەکات: "لەگەڵ مامۆستایانی منداڵەکەم پەیوەندی باشمان هەیە چ لە سەردانەکان چ لە رێگەی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانەوە بێت ئاگام لە منداڵەکەمە".

بەپێچەوانەوە، تەلیعە عەلی، دایکی فێرخوازێکە، لەبارەی سەردانەکانیەوە بۆ ناوەندی کچەکەی و بونی پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایان دەڵێت: "پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکانی باش نیە، نیوەیان هەر ناناسم، خۆیان هاتون پێیان وتوم کە مامۆستایی کچەکەی منن".

## 7. توێژەرانی دەرونی خێزانەکان بە کەمتەرخەم دەزانن

توێژەرانی دەرونی باس لەوە دەکەن خێزانی فێرخوازان کەمتەرخەمن لەسەردان کردنی ناوەندەکان بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منالەکانیان، دەشلێن لە تەواوی سالەکەدا و لە کۆبونەوەکانیش بە کەمی بەشداری دەکەن.

هاوار ئیبراهیم، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی (زۆزگ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "دەنێرینە شوێنی خێزانی فێرخوازان نایەن، تەنانەت کتێبمان لە فێرخواز وەرگرتوەتەوە بۆ ئەوەی خێزانەکەی بێتە سەردان ئەوکاتیش نایەن".

لە هەمان کاتدا، بەختیار مەحمود کەریم، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی (رزگار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "خێزانی فێرخوازی وا هەیە بە سێ سالیش سەردانی قوتابخانە ناکات، سەرباری ئەوەی کە لە رێگەی نوسراوەوە ئاگادارییان دەکەینەوە کە کۆبونەوەی دایکان و باوکان هەیە".

بەشێک لە توێژەران جەخت لەوەدەکەنەوە کە سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن جێگەی دڵخۆشی نیە و وەک خۆیان دەڵێن تەنها لەکاتی کێشەکان دێنە ناوەندەکان.

شۆڕش عەزیز ئەحمەد، توێژەری دەرونی لە ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار دەڵێت: "سەردان کردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان جێگەی دڵخۆشی نیە، چونکە تەنها لەکاتی کێشەکان دێنە ناوەندەکان و لەکاتی ئاسایی نایەن بەدەگمەن".

بەشێکی دیکەی توێژەران باس لەوە دەکەن کە پەیوەندیان لەگەڵ خێزانەکان هەیە و ئاگادارییان دەکەنەوە لەبونی هەرگرفتێک.

بەختیار مەحمود کەریم، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی (رزگار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: " ئێمە لە کۆبونەوەی دایکان و باوکان دەرفەتی باشمان وەرگرتوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە هەن، جگە لەوەش لە رێگەی ژمارە تەلەفۆنەوە کە هی هەمو خێزانەکان لەلامان هەیە، پەیوەندییان پێوە دەکەین لەبونی هەر گرفتێک".

وتیشی: ئەوە راست نیە کە دەڵێن لە کاتی گرفتەکان پەیوەندی بە خێزانەکانەوە ناکەین.

"بە پێی ئەوەی کە ئامادەیین، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ خێزانەکان باشە و لە سالەکەش دو کۆبونەوەمان هەیە و خێزانەکانیش ئەبینین، سەرباری ئەوەی کە کۆبونەوەی دیکەمان هەیە لەگەڵ خێزانەکان لە بونی هەرگرفتێک کە هەبێت و پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین، ئەگەرچی هەندێ بابەتی هەستیاری دیکە هەیە ناتوانین بە خێزانەکانی بگەیەنین". شۆڕش عەزیز ئەحمەد، توێژەری دەرونی لە ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار وای وت.

## 8. "لە 40%ی خێزانەکان پەیوەندیان بە ناوەندەکانی خوێندنەوە هەیە"

پەیوەندی خێزانەکان بە ناوەندەکان خوێندنەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی و پەروەردەیی فێرخوازان، بەو پێیەی خێزانەکان ئاگادار دەبن لە توانا و کێشەو گرفتەکانی منداڵەکانیان، بەشێکی بەڕێوبەری ناوەندەکانیش دەڵێت سەردانی خێزانەکان لە چاو ساڵانی پێشو باشترە..

ئەیاد محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری وتی: "لە ساڵانی پێشوتردا پەیوەندی خێزانەکان و ناوەندەکان بۆ پرسینەوە لە ئاستی زانستی منداڵەکانیان لاواز بو، بەڵام لە ئێستادا باشتر بوە".

وتیشی: ساڵانە دوجار هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازان ئەنجام دەدەین و خێزانەکانیشیانی لێ ئاگادار دەکەینەوە لە کۆبونەوەی دایکان و باوکاندا، ئەگەر چی زیاتر دایکان بەشدارن و سەردان دەکەن.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار باسی لەوە کرد: "پەیوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ کەسوکاری فێرخواز و بە بەردەوامی سەردان دەکەن بۆ بە ئاگابون لە رەوشی منداڵەکانیان، خۆشمان چ لە رێگەی نوسرا و چ لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە ئاگادارییان دەکەینەوە کە سەردان بکەن و زانیارییان پێدەدەین".

سەرەرای تاقیکردنەوەی چەند رێگایەک بۆ زیادکردنی سەردانی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان، بەڵام تا ئێستا ئەو ئامانجە بەدی نەهاتوە و بەشێکی خێزانەکان بەدرێژایی ساڵ تەنها جارێکیش سەردان ناکەن.

پێشکەوت ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "سەردانیکردنی بەخێوکەری خوێندکار لە ئاستی پێویست دا نیە و وەکپێویست سەردانی خوێندنگە ناکەن بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن بۆ ئاستی زانستی و پەروەردەی نەوەکانیان".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات هەندێک لە خێزانەکان کە دێنە ناوەندەکانی خوێندن کە گوێبیستی شتەکان دەبن کێشە دروست دەکەن.

رێباز غالب محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیرییان هەیە، چەند جۆرێک خێزان هەن یەک لەوانە کە دێنە ناوەندەکان کێشە دروست دەکەن هەشە بە پێچەوانەوەیە هەشیانە هەر نایەن، ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە و وا ئەکات فێرخوازان ئیهمال ببن".

لە هەمان کاتدا، عەبدولباقی عەزیز، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شنۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "40%ی خێزانەکان پەیوەندیان بە ناوەندەکانی خوێندنەوە هەیە بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منداڵەکانیان، هەروەها خۆمان دەنێرینە شوێنیان ئەگەر لە 100 تەلەبەش بێت ئەوە 40 بەخێوکەر ئامادەی ئەبێت بۆیە وەکپێویست نیە".

"فێرخوازان کە لەسەرەتاوە دێنە ئامادەیی خێزانەکانیان بە بەردەوامی سەردان دەکەن، بەڵام قۆناغەکانی تر زۆر بەکەمی، ئەگەرچی بە بەردەوامی پەیوەندیان پێوەدەکەین". ئەمە وتەی، حسین محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری.

## 9. بەڕێوبەری ناوەندەکان چی دەڵێن لە بارەی کۆبونەوەی بەخێوکەرانەوە؟

ئەو کۆبونەوانەی کە دانراون تایبەت بە بەخێوکەرانی فێرخوازان بە پێی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیە و ناتوانرێت زیاتر بکرێت، بەڵام لە رۆژانی دیکەش خێزانەکان دەتوانن سەردان بکەن بۆ پرسینەوە لە ئاستی منداڵەکانیان.

ئەیاد محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری وتی: "ئەو کۆبونەوانەی کە ئەنجامی دەدەین بەپێی رێنمای وەزارەتی پەروەردەیە و لانی کەم دو جار ئەنجامی دەدەین، لە دەستی ئێمە نیە کە زیادی بکەین".

هەندێک لە ناوەندەکان جیاواز لە کۆبونەوەکانی تایبەت بە بەخێوکەران کە وەزارەت دایناوە رۆژی دیکەیان تایبەت کردوە بۆ خێزانەکان، وەک خۆیان دەڵێن سەردان دەکەن.

هیوا محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (نەورۆز)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "ئێمە سەرباری ئەو کۆبونەوانەی کە دیاری کراوە بەپێی رێنماییەکان رۆژێکمان داناوە بۆ سەردان کردن کە خێزانەکان دەتوانن بە بەردەوامی سەردان بکەن، بەتایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان کەم توانان، لەگەڵ ئەوەش سەردان دەکەن هێشتا سەردانەکانیان کەمە".

ئەو کۆبونەوانەی کە دانراوە بە پێی رێنمایەکانی وەزارەت بەلای بەشێکی مامۆستایانەوە بەس نیە بۆ ئەوەی کە کێشەی نەهاتنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان چارەسەر بکات.

پێشکەوت ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار وتی: "دەستەی کارگێڕی خوێندنگە بە پێی رێنمایی وەزارەتی پەروەردە هەمو ساڵێک دووجار کۆبونەوەی دایکان و باوکان ئەنجام ئەدات جارێک لە وەرزی یەکەم

و جارێکی دیکەش لە وەرزی دوەم، بۆیە ئەم رێنمایەش کێشەی کەمی سەردان کردنی کەسوکاری خوێندکاران چارەسەر ناکات".

ئەو وتیشی: بە ناچاری لە بە شێکی زۆر لە خوێندنگەکان لە رێگەی موبایلەوە یان لە رێگەی نووسراوەوە ئاگادار ئەکرێنەوە، جاری واش هەیە کۆبونەوەکان زیاد ئەکرێت لە کاتی پێویستدا، هێشتا هەر لە ئاستی پێویست نیە.

گرفتێکی کۆبونەوەی بەخێوکەران بە وتەی بەشێکی مامۆستایان ئەوەیە کە ئەو رێنماییانەی بە خێزانەکان دەدرێت جێبەجێی ناکەن.

رێباز غالب محەمەد، بەرێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەرەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "خێزانەکان وەکپێویست لە کۆبونەوەکان بەشدار نابن و ئەوەشی کە دێت 60%ی ئامادە دەبێت، کە زانیارییان پێدەدەین لەبارەی منداڵەکانیانەوە 50%ی جێبەجێی ناکەن".

بەهەمان شێوە، حسین محەمەد حەسەن، بەرێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری وتی: "ئەو کۆبونەوانەی کە ئەنجام دەدرێن لە ناوەندەکان سودی ئەوتۆی نابێت، چونکە لە پێش کۆبونەوەکان چی ببێت لە دوای کۆبونەوەکانیش هەر ئەوەیە، خێزانەکان ئاستی رۆشنبیریان ئەوەندەیە کە نایانەوێ قسەی کەسێکی تر بخەنە سەر ئەزمونی خۆیان".

## 10. ئیدارەی ناوەندەکان پەیوەندی دەکەن بە خێزانەکانەوە؟

بەرێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن وەڵامی بەخێوکەرانی فێرخوازان دەدەنەوە بەوەی کە پەیوەندییان پێوە ناکەن لەبارەی رەوشی منداڵەکانیان و دەڵێن دەبێت خۆیان دڵسۆزترین بۆ منداڵەکانیان ئەگەر ئێمەش خراپ بین.

ئەیاد محەمەد، بەرێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: "خێزانەکان گلەی ئەوەیان هەیە وەک پێویست ئاگادار ناکرێنەوە لە رەوشی منداڵەکانیان، ئەگەر واشبێت دەبێت خۆیان زیاتر سەردان بکەن و دڵسۆزتر بن بۆ منداڵەکانیان".

هاوشێوەی هاوتاکەی، عەبدولباقی عەزیز، بەرێوبەری قوتابخانەی (شنۆ)ی بنەرەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "خێزانەکان ئاگادار ئەکرێنەوە لە کەموکورتی منداڵەکانیان، بەڵام نایەن، تەنانەت خێزانی واهەیە منداڵەکەی بۆ ئەوە ئەنێرێتە بەرخوێندن کە چەند سەعاتێک لێی دوربێت نەک بۆ پەروەردە و ئاستی زانستی".

## 11. پەیوەندی خێزانەکان بە ناوەندەکانەوە وەک پێویست نیە

سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن کەمە، لەکاتێکدا بە بەردەوامی داوایان لێدەکرێت کە سەردان بکەن بۆ ئاگاداربون لە رەوشی مناڵەکانیان.

موعتەسەم محێدین نوری، مامۆستا لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: " سەردانکردنی خێزانەکان ئەتوانین بیکەین بە سێ بەشەوە، بەشێکیان بە بەردەوامی سەردان ئەکەن کە ئەمانە زۆر کەمن، بەشێکی تریان زۆر بەکەمی سەردان ئەکەن کە رەنگە بڵێم تا کۆتایی ساڵ هەر دووجار بێت، بەشی سێیەمیان هەر سەردان ناکەن".

بە پێچەوانەوە، زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستا لە ئامادەیی (رێبەر) لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "پەیوەندی خێزان و مامۆستایان جیاواز لە ساڵانی پێشتر پەیوەندییەکی باش و جێگیرە، چونکە هەواڵیان دەپرسن، زۆرترین کات سەردانی قوتابخانە دەکەن".

هەندێک لە مامۆستایان دەڵێن سەردانکردنی خێزانەکان پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیرییان هەیە.

ئاشتی ئەحمەد حەسەن، مامۆستا لە ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری وتی: "سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری پەروەردەیی کە زۆر کەمە، هەرچەند کۆبونەوەش ئەکەین و زانیارییان پێدەدەین کە سەردان بکەن، کەچی هەر زۆر کەمە و مانگی ئەگەر 15 بەخێوکەر سەردان بکەن، ئەوەشی کە لە رۆژانی ئاسایی دێن رێژەیان 10%یە".

بەهەمان شێوە، حسام قاسم ئەحمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی (نەوەی نوێ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە بە بەردەوامی داوامان کردوە لە خێزانەکان کە لانی کەم لە مانگێکدا دو جار سەردان بکەن بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منالەکانیان، ئەمەش ئەکەوێتەوە سەر ئاستی رۆشنبیری خێزانەکان کە تا چەن جێبەجێی دەکەن، بۆیە پەیوەندییەکە وەک پێویست نیە".

هەندێک لە مامۆستایان بە گەشبینیەوە باسی هۆشیاری خێزانەکان دەکەن و دەڵێن سەردانەکانیان لە چاو ساڵانی رابردو باشترە.

ساکار عومەر حسێن، مامۆستا لە قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "سەردانکردنی بەخێوکەرانی خێزان لە ئێستادا لە چاو ساڵانی رابردودا باشترە و سەردان دەکەن چ لە کۆبونەوەکان چ لە رۆژانی ئاسایی، بۆیە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیرییان باشتر بوە".

لە هەمان کاتدا، ژیان عوسمان، مامۆستا لە قوتابخانەی (بێخاڵ)ی کچان لە ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: "خێزانەکان بە بەردەوامی سەردان دەکەن چ لە کاتی کۆبونەوەکان چ لە رۆژانی ئاسایی، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ناوەندەکەمان بەس کچانن بۆ چاودێریکردنی زیاتریان بە بەردەوامی سەردان دەکەن، خێزانی وا هەیە هەمو مانگێک دێت".

بەپێچەوانەوە هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئەو خێزانانەی کە ئاستی منالەکانیان باشە سەردانی ناوەندەکان دەکەن ئەگەرنا بەشێوەیەکی گشتی سەردان کردن زۆر کەمە.

ئێرڤان عەزەدین محەمەد، مامۆستا لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری وتی: "سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن زۆر کەمە بەتایبەت ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان تەمەڵن و خراپن، ئەوانەشی کە سەردان دەکەن ئەوانەن کە منالەکانیان باشن، ئەگەرنا بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەمە".

## 12. پەیوەندی خێزانەکان و مامۆستایان لاوازە

لەماوەی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێریدا بۆ پرسی پەیوەندی نێوان خێزانەکان و ئیدارەی قوتابخانە یان مامۆستایان ئەوە رونبویەوە کە پەیوەندییەکی سست لە نێوانیاندا هەیە کە ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە.

موعتەسەم محێدین نوری، مامۆستا لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار جەختی کردەوە: "هیچ پەیوەندییەک نابینم لە نێوان مامۆستا و خێزانەکان لە ئاگادار کردنەوەیان بۆ رەوشی منالەکانیان، چونکە ئەو پەیوەندییە لێرە تایبەت کراوە بە کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایش زۆرجار خۆی لائەدات لەو ئاگادارکردنەوەیە".

هەندێک لە مامۆستایان بە سانایی دەڵێن کە پەیوەندییان بە خێزانەکانەوە نیە و وەکخۆیان دەڵێن: پێویستە خێزانەکان سەردان بکەن و پەیوەندی دروست بکەن.

دابان عەبدوڵڵا حەسەن، مامۆستا لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار دەڵێت: "پەیوەندییەکی ئەوتۆم نیە لەگەڵ خێزانی فێرخوازان مەگەر خۆیان سەردان بکەن، هۆکاری ئەمەش خێزانەکانن کە پێویستە سەردان بکەن بە بەردەوامی".

بە پێچەوانەوە، زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستا لە ئامادەیی (رێبەر) لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "بەهۆی سەردان کردنی خێزانەکان پەیوەندی باش هەیە لە نێوان مامۆستایان و خێزانەکان، سەبارەت بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منالەکانیان"

## 13. مامۆستایان رۆڵیان لە هۆشیارکردنەوە خێزانەکان نیە

مامۆستایان دەبێت رۆڵی گرنگیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان بۆ سەردان کردنیان بۆ ناوەندەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەندییە سستەی لە نێوان خێزانەکان و مامۆستایاندا هەیە ئەو پیشان دەدات هەوڵیان نەداوە وا بکەن خێزانەکان بێنە ناوەندەکانی خوێندن.

موعتەسەم محێدین نوری، مامۆستا لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "رۆڵی مامۆستا لە هۆشیارکردنەوەی خێزان زۆر کزە و بەشێک لە مامۆستایان بەشێوەیەکی نادروست جوابی خێزانەکان ئەدەنەوە، کە ئەو کەسە حەز نەکات رو بکاتەوە قوتابخانە، پێویستە مامۆستا رۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان بە بەردەوامی، بە جۆرێک هەر لەکاتی پێویست سەردان نەکەن، کە خێزانەکان کردویانە بە دیاردە".

"رۆڵی مامۆستایان سەبارەت بە هۆشیاری خێزان بۆ سەردان کردنیان بۆ ناوەندەکان رۆڵێکی سنوردارە، بەڵام باشترە و دڵخۆشکەرە". زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستا لە ئامادەیی (رێبەر) لە ناحیەی باوەنور وادەڵێت.

دابان عەبدوڵڵا حەسەن، مامۆستا لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار پێیوایە هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان لە سەردان کردنی ناوەندەکات زیاتر ئەرکی توێژەرە کە فۆرمێکی تایبەت بە فێرخوازانی لایە لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنەکان.

## 14. بەرپرسانی پەروەردە رۆڵیان چیبوە لە هاندانی بەخێوکەران بۆ سەردانکردنی ناوەندەکان

بەرپرسانی پەروەردە دەڵێن بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت ئەوەی هەبێت کراوە لە ناوەندەکانی خوێندن تایبەت بە سەردانکردنی بەخێوکەرانی فێرخواز چ لە رێگەی نوسراوەوە بێت یان لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە یان کۆبونەوەکانی تایبەت بە خێزانەکان، لەگەڵ ئەوەش وەکپێویست نیە و سەردانەکان کەمن.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردی کەلار، وتی: "وەزارەتی پەروەردە رێنمایی داناوە کە لە ناوەندەکان دو جار کۆبونەوە ئەکرێت تایبەت بە بەخێوکەرانی فێرخوازان، بەدەر لە سەردانکردنی ئاسایی خۆیان، تەنانەت هەبوە بەڕێوبەر خۆی سەردانی خێزانی کردوە، لە بونی هەر گرفتێکیش لە رێگەی پەیوەندییەوە ئاگادار دەکرێنەوە، بۆیە لە هەردو لاوە پێویستە هاوکاری یەک بن بۆ پەروەردەکردنی فێرخواز".

وتیشی: ئێمە کۆبونەوەمان داناوە خێزانی فێرخواز نایەت، ئەمەش پەیوەندی بە هۆشیاری خێزانەکان خۆیان هەیە، هەروەها بە بەردەوامی بەدواداچونیشمان هەیە بۆ ناوەندەکان کە تاچەند پابەندی رێنماییەکانن و کۆبونەوەکانیان ئەنجام داوە.

باسی لەوەشکرد: زۆرجار سیمیناریش کراوە بۆ خێزانی فێرخوازان لە روی هۆشیارییەوە.

بە هەمان شێوەی بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری سەبارەت بە سەردان کردنی بەخێوکەران بۆ ناوەندەکانی خوێندن، باس لەوە دەکات هاتنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکان وەکپێویست نیە ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری خێزانەکانەوە هەیە.

وتیشی: لەوەتەی پەروەردە هەیە کۆڕ و سیمیناری تایبەتی ئەنجام نەداوە تایبەت بە خێزانی فێرخوازان، بەڵام لە ناو ناوەندەکان کراوە و تێدا بەشدار بوین، هەروەها رێکخراوەکانیش ئەوەیان کردوە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە سەردانکردنی خێزانەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن وتی: "ئێمە بە بەردەوامی لە کۆبونەوەکانمان چ لەگەڵ بەرپرسانی پەروەردە چ لەگەڵ بەرێوبەرانی ناوەندەکان جەختمان لەوە کردوەتەوە کە ناوەندەکان دەبێت لە خزمەتی فێرخوازان و بەخێوکەرانیشیان بێت لە کاتی سەردانەکانیان".

بەرێوبەری پەروەردەی گەرمیان ئەوەی خستەرو کە ئاستی هۆشیاری خێزانەکان تاوەکو ئێستا کەمە کە بچنە ناوەندەکان بۆ ئاگاداربون لە رەوشی منداڵەکانیان.

وتیشی: بەبەردەوامی لە کۆبونەوەکان بە خێزانەکان ئەوترێت کە پێویستە سەردان بکەن.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردە

1. بەگشتی هەست دەکرێت مامۆستا و بەرپرسانی پەروەردە لە دۆڵێک دان و خێزانی فێرخوازانیش لە دۆڵێکی تر، پەیوەندیەکانی نێوانیان لە سەرەتاییترین وەسف دا دەتوانین بە "باش نییە" ناودێری بکەین.

2. پەروەردە لە خشتەی خۆی دا کاتی بۆ کۆبونەوەی فراوانی خێزانەکان داناوە کە بە کۆبونەوەی "دایکان و باوکان" ناودەبرێت، بەڵام هەم بە باشیی جێبەجێ ناکرێت، هەمیش خێزانەکان زۆر بە هەند وەریناگرن. بەهۆی ئەوەی خێزانەکانیش بەهەند وەریناگرن، بەرپرسانی قوتابخانەکانیش وادیارە لەو چالاکیە سارد بونەتەوە، کە ئێمە پێشنیاز دەکەین ئەو چالاکیە بەلای کەمەوە هەر وەرزەی جارێک ئەنجام بدرێت، ئیتر رێژەی بەشداریی هەرچەندێک بێت، بۆ ئەمەش پەروەردەی قەزاکان بەدواداچون و لێپێچینەوە لە قوتابخانە و خوێندنگەکان بکات. هەروەک واپێویستە کە بە ماوەیەکی زۆرتر لە رۆژی کۆبونەوە فراوانەکە، خێزانەکان ئاگادار بکرێنەوە چ بە پەیوەندی تەلەفۆنی، چ بە نوسراو کە لەرێگەی فێرخوازەکانەوە ئاراستەیان بکەن، بۆئەوەی خێزانەکان کاتی پێویستیان لەبەردەم دا بێت بۆ خۆ ئامادەکردن و بەشداریی.

3. دەبێت توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی خوێندن دا، لەم روەوە رۆڵی بەرچاویان هەبێت، دەتوانرێت ئەوان ببنە رایەڵەی پەیوەندیەکان و خۆیان بەرنامەیەکی تایبەت دابنێن کە مانگانە ژمارەیەک بەخێوکەر ببینن و راوبۆچونیان وەربگرن و یان راپرسییان لەناودا بکەن لەبارەی تێبینی و سەرنجەکانیان لەبارەی قوتابخانە و خوێندن و ئاکاری رۆڵەکانیان و... هتد.

4. ئەگەر ئەنجامدانی کۆبونەوەی فراوان قورس بێت، ئەوا دەتوانرێت کۆبونەوە لەسەر ئاستی پۆل یان گروپەکان ئەنجام بدرێت، بۆنمونە قوتابخانەکە رۆژێک دەستنیشان بکات کە خێزان و بەخێوکەری فێرخوازانی پۆلی 5ی بنەڕەتی تیایدا کۆببنەوە، یان گروپی (ئەلیف) لە پۆلی 5ی بنەڕەتی کۆببنەوە.

5. زۆر گرنگە مامۆستایان هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ ئاکار و توانا و لایەنی باش و خراپی کەسایەتی فێرخوازەکان بگەیەنن بە خێزانەکان، بۆ ئەمەش دەبێت بیر لە رێگەی جیاواز بکرێتەوە، ئایا بە رێگەی تەلەفۆن، یان بانگهێشتی بەخێوکەرەکە یان هەر رێگەیەکی تر بێت ئەم کارە بکرێت، ئەگەر خێزانەکانیش بەلایانەوە گرنگ نەبو، دەبێت ناچار بکرێن بۆ سەردان.

6. هەندێک لە بەخێوکەرانی فێرخوازان بەهۆی ئەوەی کاردەکەن و دەوامیان هەیە، لەو کاتانەی قوتابخانەکە داوای دەکات ناتوانن بەشداری کۆبونەوەبن یان سەردان بکەن، بۆیە دەبێت لەم رووەوە بەدواداچونی پێویست بکرێت و هەوڵبدرێت کۆبونەوەکان بخرێتە کاتێکەوە کە گونجاو بێت بۆ هەموان، بۆنمونە بخرێتە رۆژانی پشوەوە.

7. بۆ ئەوەی پەیوەندیی خێزانی فێرخوازان و بەرپرسانی پەروەردە توندوتۆڵ بێت، دەتوانرێت تەنها پشت بە کۆبونەوە نەبەسترێت، بەڵکو دەکرێت ناوەندەکانی خوێندن سالآنە زیاد لە چالاکیەکی رۆشنبیری و هونەریی ئەنجام بدەن و خێزانەکان بانگهێشت بکەن بۆ سەردان، یاخود فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی سالآنە ئەنجام بدەن و هانی خێزانەکان بدەن بۆ بەشداریی.

8. پێشنیاز دەکەین دەستکاریی شێوەی دەرەنجام "کارتی" وەرز و ساڵەکان بکرێت و بگۆڕدرێت، بەشێوەیەک لەگەڵ پێدانەوەی نمرەی فێرخوازان دا، هەڵسەنگاندن بۆ بواری دیکەش بکرێت، بۆنمونە: "ئاکاری فێرخوازەکە چۆنە، رەفتار و شەڕانگێزیی چۆنە؟ چ بەهرەیەکی تیایە؟ لە چ بوارێکدا بەهێزە و لە چی دا لاوازە؟ و ...هتد". وایدەبینین لەم رێگەیەوە خێزانەکان باشتر لە کەسێتی رۆڵەکەیان تێدەگەن و ئەمەش دەیانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەوە و هاندەرێکیشە بۆ سەردانکردنی ناوەندەکان و بنیادنانی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ ناوەندەکان دا.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org